The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# سزادانی دکتۆر کەمال سەید قادر ناڕەوایە

لە ڕێکەوتی 26.3.2006 دا دادگای هەولێر بەپێی یاسای 443 ی سزادانی عێراقی سەبارەت بە ناوزراندن، سزای یەک ساڵ و نیوی بۆ دکتۆر کەمال بڕیەوە.

سەرەتا دکتۆر کەمال بە 30 ساڵ سزا درا، پاشان بەهۆی گوشاری زۆری دەرەکی و ناوەکی سزاکە هەڵوەشێندرایەوە، پاش بگرەوبەردەیەکی زۆر سزاکە کرایە ساڵ و نیوێک، بەگۆتەی دادوەری دادگاکە د. کەمال سزایەکی کەمی بۆ براوەتەوە.

ئەو سزایە کە بە سەر د. کەمالدا دراوە لەسەر دوو وتارە کە لە ئەنتەرنێتدا بڵاوکراوەتەوە، شایانی گوتنە لەیاسای عێراقیدا و لەو یاسایەی دەسەڵاتی هەولێر پیادەی دەکات ئاماژە بە سزا سەبارەت بە وتاری یا ئازادی گوتن لە ئەنتەرنێتدا ناکات. بۆیە ئەو سزایە لەگەڵ یاسای عێراقیش کە یاسایەکی بەعسیانەیە ناگونجێت.
بەبێ گوێدانە یاساکانی پاشماوەی بەعس یا هەر یاسایەکی دیکەی هەموارکراوی ئێستای کوردستان، سزادان لەسەر وتار نوسین بەو توندیە کارێکە دژ بە ئازادی گوتن و ئاماژە بە نەبوونی ئازادی لە کوردستاندا دەکات. ئەوەش لە بەرژەوەندی کوردستاندا نییە.

بڕینەوەی سزای ساڵونیوێک لەسەر دوو وتار لە کۆمەڵگەیەکی ڕەوادا شوێنی نییە، بۆیەش ئەو سزایەی د. کەمال بووە جێگای داحەپەسانی دۆستانی گەلی کوردستان لە دەرەوەدا.
ئەو سزایە زیانی زۆری بە باشووری کوردستان گەیاند، دەبوایە دەسەڵاتی هەولێر دوربینانە لە کێشەکە بڕوانن و د. کەمال ئازاد بکەن، چونکە ئەو جگە لەوەی نەدەبوایە بگیرێت، بەڵکو ئەو نارەوایەتی بەرامبەر کراو دەبووایە قەرەبووی زیان و ئازارەکانی بکرێتەوە.

ئێمە وەکو ناوەندی چاک دژی سزادانین لەسەر ئازادی گوتن یا نوسین، بۆیەش ئەو سزایە ڕیسوا دەکەین و داوای ئازادی دەستبەجێی د. کەمال دەکەین.
ئازادکردنی د. کەمال پشتگیرییە بۆ ئازادی نووسین و پیشاندانی ڕوییەکی پۆزەتیڤە بۆ دۆستانی گەلەکەمان.

## ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەل کورد-چاک-

www.chak.info Chak_org@yahoo.com